# بۆرژوازی

ئەنگڵس بەم جۆرە وەسفی بۆرژوازی دەکات کە بریتییە لە: چینی سەرمایەدارە گەورەکان کە لە هەموو وڵاتە گەشەسەندووەکاندا، ئێستا بەتەنیا هەموو ئامرازەکانی بەکاربردن، و کەرەستەی خاو و ئامرازە پێویستەکان(ی مەکینەکان و کارگەکان)یان بەدەستەوەیە(پرەنسیپەکانی کۆمۆنیزم، ١٨٤٧)؛ هەروەها وەک: چینی سەرمایەدارانی مۆدێرن، خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی و خاوەنکارانی کاری کرێگرتەن(یاداشتێک بۆ چاپی ئینگلیزیی ١٨٨٨ی مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیست). بۆرژوازی، وەک ئەوەی لەم دەربڕینەشدا هاتووە، واتە ئەو چینەی کە لە ڕووی ئابورییەوە باڵادەستە و دەزگای دەوڵەت و بەرهەمهێنانی [فیکری و] کەلتوریی خستۆتەژێر کۆنترۆڵ و چاودێریی خۆیەوە. دەکەوێتە بەرامبەر چینی کرێکارەوە. بەڵام لەنێوان ئەم "دوو چینە گەورە"ی کۆمەڵگای مۆدێرندا، "هەندێک توێژی ناوبەینی" هەن کە مارکس وەک **چینی ناوەڕاست** ئاماژەیان بۆ دەکات.

لێکۆڵینەوە مارکسییەکان دەربارەی بۆرژوازی، لە سەدەی ڕابردوودا لە دەوری دوو بابەت سوڕاونەتەوە. یەکیان سەروکاری هەیە لەگەڵ پلەی جودایی نێوان بۆرژوازی و چینی کرێکار(جەمسەرگەری)، هەروەها توندبوونەوەی شەڕ و ململانێی نێوانیان، بەتایبەت لە هەلومەرجی گەشەی ژمارەیی بەردەوامی چینی ناوەڕاستدا. لێرەدا درز و کەلێنێک سەری دەرهێناوە لەنێوان ئەوانەی کە بایەخێکی کۆمەڵایەتی و سیاسیی گەورە و نائاسایی بۆ چینی ناوەڕاستی نوێ دادەنێن، و هەروەها بۆ ئاستی بژێویی ڕوولەهەڵکشان و چاکسازییە سیاسییەکان(بۆنمونە، برنشتاین ١٨٩٩، ڕینەر ١٩٥٣) لەگەڵ ئەوانەدا کە جەختدەکەنەوە لەسەر "پرۆلیتاریبوون"ی چینی ناوەڕاست(براڤێرمەن ١٩٧٤) و پێیانوایە تۆزێک گۆڕان لە خەسڵەتی ململانێ سیاسییەکاندا درووستبووە و هیچی تر. دووەمین بابەتی گرنگ بریتییە لە ماهیەت و ڕۆڵی بۆرژوازی لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا، بەتایبەتییش ئەو پانتاییەیە کە بەو پێیە، لەگەڵ گەشەی گەورە و بەرفراوانی کۆمپانیا پشکدارە گشتییەکان لەلایەکەوە و دەستێوەردانی دەوڵەت لەلایەکی ترەوە، بەپێی لاف و بانگەشەی لایەنگرانی "شۆڕشی ئیداری"، بەڕێوەبەران و

کاربەدەستانی پلەبەرزی دەوڵەت یان لەگەڵ "سەرمایەدارە گەورەکان"دا تێهەڵکێشبوونە یاخود چوونەتەجێیان و بوونەتە گرووپ و گرووپی باڵادەست. شیکردنەوە مارکسییەکان سەبارەت بەم پێگەیە، تا ئاستێکی بەرچاو جیاوازە و لەم نێوانەدا دوو هەڵوێست و پێگەی سەرەکی خۆی دەرخستووە:

پۆلانتزاس(١٩٧٥) بە پێناسەکردنی بۆرژوازی دەستپێدەکات، ئەویش نەک بەپێی گوتەزای یاسایی (خاوەنداریێتیی دارایی) بەڵکو بەپێی (خاوەنداریێتیی ئابوری)(واتەباڵادەستی و چاودێریی ئابوریی ڕاستەقینە بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و بەرهەمەکانەوە) و خاوەنداریێتی و موڵکداری[1](واتە توانای خستنەگەڕی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان). بەم پێوەرانە بەڕێوەبەران، مادام ئەرک و فرمانەکانی سەرمایە بەجێدەهێنن، ئەوا بەچاوپۆشی لەوەی خاوەنی یاسایی سەرمایەن یان نا، پەیوەستن بە بۆرژوازییەوە. کێشەیەکی ئەم جۆرە شیکردنەوانە ئەوەیە لەو حاڵەتەدا بەئاسانی دەتوانیت ئەرگۆمێنتی ئەوە بێنیتەوە کە گرووپی باڵادەستی بەڕێوەبەران و کاربەدەستانی حیزبی لە وڵاتە سۆسیالیستییە حازرەکاندا[2] بە بۆرژوازی دادەنرێن، چونکە ئەم دۆخەش بەهۆی سیفەتی (خاوەنداریێتیی ئابوری) و (موڵکداری)یەوە وەسفدەکرێت، و لەو حاڵەتەدا ئەم زاراوەیە لە هەر جۆرە مانایەکی مێژوویی یان کۆمەڵناسیی پڕپێست ڕووتدەبێتەوە. پۆلانتزاس، کاربەدەستە باڵاکان(بەشێوەیەکی گشتییتریش کاربەدەستە دەوڵەتییەکان) بە گوتەزایەک دەزانێت کە بەگوێرەی ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ دەوڵەتدا هەیانە پێناسەدەکرێن، بەبێ ئەوەی سەرنجێکی ئەوتۆ بخاتە سەر ڕۆڵی هەڵکشاوی دەوڵەت لە بەرهەمهێناندا کە کارکرد و ڕۆڵی هەندێک لە کاربەدەستەکان دەگۆڕێت بۆ کارکرد و ڕۆڵی تایبەتیی بەڕێوەبردنی ئابوری.

مارکسییەکانی تر(بەتایبەتی هێلفردینگ لە خوێندنەوە و شرۆڤەکانی خۆیدا دەربارەی سەرمایەداریی ڕێکخراو[3]) ئەم دیاردەیان بە شێوازێکی تەواو جیاواز شیکردۆتەوە، و گەشەی کۆمپانیاکان و بەرفراوانبوونەوەی گەورەی چالاکییە ئابورییەکانی دەوڵەتیان بە گۆڕانێکی گەورە هەژمارکردووە لەسەرمایەدارییدا کە ئەوەش دیسان زیاتر بەئاراستەی ڕێگای سۆسیالیزمدا دەڕوات. بەڵام لە چاوی هێڵفردینگەوە ئەم بەکۆمەڵایەتیبوونە هەڵکشاوەی ئابوری تەنیا دەکرێت بەو شێوەیە کاملبکرێت کە دەسەڵاتی سیاسی لە بۆرژوازی وەربگیرێتەوە و، ئەو ئابورییەی کە بەدەستی کۆمپانیا گەورەکان ڕێکخراوە و بەرنامەڕێژیی بۆکراوە ببێتە ئابورییەک کە دەوڵەتێکی دیموکراسییانە بەرنامەڕێژی و چاودێری و جڵەوەکەی بگرێتە ئەستۆی خۆی. بەشێک لە لێکۆڵینەوەکانی ئەم دواییە، هەر لەڕەگ و ڕیشەوە خۆیان لەم هەڵێنجانە دوورگرتووە، و ئۆفە[4](١٩٧٢) لەسەر ئەو باوەڕەیە کە (فۆرمە نوێیەکانی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی چیتر ڕاستەوخۆ کورتنابنەوە بۆ ئەو پەیوەندییە چینایەتییانەی کە لە ڕوانگەی ئابورییەوە

---

1 . possession

2 . existing

3 . ORGANIZED CAPITALISM

4 . Offe

پێناسەدەکرێن) و (چوارچێوەی مەرجەعیەتی کۆنی بەرژەوەندییەکان لەڕووی بونیادی جیاکەرەوەی چینی بالاّدەستەوە) دەبێت جێی خۆی چۆڵبکات کە (وەک فەرمانێکی بابەتیی لێهاتووە کە لە بەرژەوەندییە تایبەتەکان خۆشدەبێت). تیۆریستانی ڕەخنەیی" قوتابخانەی فرانکفۆرتی دوایینیش بۆچوونێکی هاوشێوەی ئەمەیان هەڵبژاردووە و لەجیاتیی دەسەلاّتی ئابوری، کۆمەلاّیەتی و سیاسیی بۆرژوازی، تەرکیزی خۆیان لەسەر بالاّدەستییە بۆرۆکراسی/تەکنۆلۆژییەکەی چڕکردۆتەوە.

شیکردنەوەیەکی زۆرجیاواز لەبارەی گەشەی ئەم دواییەی سەرمایەدارییەوە لەلایەن ئەو مارکسییانەوە خراوەتەڕوو کە جەخت لەسەر بایەخی ئاشکرا و بەردەوامی خاوەندارێتیی یاسایی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان دەکەنەوە. ئالێرەوەیە کە مەندڵ(١٩٧٥) چڕبوونەوەی نێودەوڵەتیی سەرمایەداری لەڕێگەی کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکان(فرەڕەگەزەکان) و بانکەکانەوە شیدەکاتەوە کە بە وتەی ئەو دەشێت دەسەلاّتێکی دەوڵەتیی بۆرژوازیی بانەتەوەیی[5] لێبکەوێتەوە. لە درێژەدا، مەندڵ جۆرە بەردەست و مومکینەکانی پەیوەندیی نێوان سەرمایەی نێونەتەوەیی و دەوڵەتە نەتەوەییەکان لەبیردەکات کە بۆنمونە درووستبوونی دەوڵەتێکی ئیمپریالیستیی بانەتەوەیی دەگرێتەخۆی لە ئەورووپای ڕۆژئاوادا کە حاڵی حازریش لە شێوازی بازاڕی هاوبەشی ئەوروپادا(ئی.ئی.سی)دا لەدرووستبووندایە. بەپێی ئەم ڕوانگەیە، گرنگترین خەسڵەتی گەشەی سەرمایەداری لەدوای ساڵی ١٩٤٥ەوە بریتییە لە درووستبوونی بۆرژوازیی نێونەتەوەیی یان نێودەوڵەتی[6]. لە ڕوانگەیەکی گشتییترەوە، ئەرگۆمێنتی ئەوە هێنراوەتەوە کە گەرچی لە کۆمپانیا گەورەکاندا جوداییەکی جوزئی و بەشەکی لەنێوان خاوەندارێتیی یاسایی و خاوەندارێتیی ئابوریدا ڕوویداوە، وێڕای ئەمەش (خاوەندارێتیی یاسایی ڕەسمی بەگشتی مەرجێکی زەرورییە بۆ خاوەندارێتیی ئابوری)(ڕایت ١٩٨٧). یان بە وتەیەکی تر: لە پانتایی (جیاکردنەوەی خاوەندارێتی لە کۆنترۆڵ) زیادەڕۆیی زۆر کراوە، و (چینی خاوەن دارایی)ش هێشتا هەر دەسەلاّتی بەسەر ئابوورییدا هەیە(سکۆت ١٩٧٩).

[5]. supranational
[6] . international bourgeoisie

## بۆرژوازیی نەتەوەیی[٧]

ئەم زاراوەیە بەتایبەتی دەرهەق بە وڵاتانی دواکەوتوو و گەشەنەکردوو بەکاردەهێنرێت. یەکێک لە سەرەتاییترین تایبەتمەندییەکانی دواکەوتوویی ئەوەیە کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە پێشسەرمایەدارییەکان[٨] لەگەڵ پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییدا پێکەوەهەڵدەکەن و ڕەنگە لە هەندێ حاڵەتیشدا بەسەریدا زاڵ بن. لە وڵاتێکی سەرمایەداریی پێشکەوتوودا، دەتوانرێت ململانێی چینایەتی لەسەر بنەمای شەڕکردنی نێوان پرۆلیتاریا و بۆرژوازی شیبکرێتەوە، لەکاتێکدا لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا پێویستە سەرنج لە چالاکیی دوولایەنەی نێوان لانیکەم چوار "چین" بدەین: پرۆلیتاریای تازەدەرکەوتوو، چینی سەرمایەدار، چینی چەوسێنەری پێشسەرمایەداری، هەروەها بەرهەمهێنەرە ڕاستەوخۆکان لە مۆدێلی نوێی پێشسەرمایەدارییدا. لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا ململانێی چینایەتی لەبەر دوو هۆ ئاڵۆز دەبێت. یەکەم، لە گۆشەنیگا مارکسییە کلاسیکەکەوە، پێدەچێت کارلێک و کاردانەوەیەکی دژکارانە[٩] لەنێوان هەردوو چینە چەوسێنەرەکەدا ڕووبدات، ئەویش لەبەر ئەو هۆیەی مادام سەرمایەداری هەروا لە گەشەدایە ئەوا ئینتیمایەک بۆ سستکردنی پایەکانی کۆمەڵگای پێشسەرمایەداری پەیدادەکات، و هاوکات ئەم دژایەتییەش هاوشانی دژایەتیی نێوان کار و سەرمایە دەڕواتەپێشێ. دووەم، هەیمەنەی ئیمپریالیستی بەسەر وڵاتە دواکەوتووەکاندا دەتوانێت تا ئاستێک ستەمی بەدواوە بێت بەسەر کۆی دانیشتواندا. گەرچی دەشێت جاروبار پێویست بە پشتیوانیی ڕەگەزە دەسەڵاتدارە پێشسەرمایەدارییەکانیش بکات. ئەم خەسڵەتە جیاکەرەوانەی وڵاتە دواکەوتووەکان مشتومڕێکی توندی درووستکردووە دەربارەی ستراتیژی ڕاست و درووست بۆ گۆڕانکاریی شۆڕشگێڕانە، و پرسی سەنترالّ لەم گفتوگۆ و باسوخواسەدا ئەوەیە کە ئایا بۆرژوازی لە وڵاتە دواکەوتووەکاندادەتوانێت هیچ جۆرە ڕۆڵێک لە ململانێی شۆڕشگێڕانەدا بگێڕێت.

لەم سیاقەدا ئەوەی بۆتە شتێکی هاوبەش سوودوەرگرتنە لە زاراوەی بۆرژوازیی نەتەوەیی بۆ ئاماژەدان بە بەشێک لە چینی سەرمایەدار لە وڵاتانی گەشەنەکردوودا کە دژەئیمپریالیستە. مەبەستەکە ئەوەیە کە ئەم بەشە لە بۆرژوازی هاوپەیمانی نوستوو[١٠]ی چینی کرێکارە لە شەڕی دژەئیمپریالیستیدا؛ شەڕێک کە بەدیاریکراوی جێی پشتیوانیی وردەبۆرژوازی و جووتیارانە. لێرەوەیە کە عادەتەن ئەم زاراوەیە بە لەبەرچاوگرتنی ڕۆڵی بەشێک لە بۆرژوازی لە کایەی سیاسییدا پێناسەدەکرێت. وێڕای ئەمانەش، ئەم شێوازە پێناسەکردنەی بۆرژوازیی نەتەوەیی

---

[7]. national bourgeoisie
[8]. pre-capitalist
[9]. antagonistic interaction
[10]. potential

کەمتازۆر مایەی قبوڵکردن نیە، چونکە هەندێک دژیەکی لەنێوان کۆمەڵێک بۆرژوازیی ناوخۆ و ئیمپریالیزمدا وەک پێشگریمانە وەردەگرێت. زاراوەی "بۆرژوازیی کۆمپرادۆر"[١١] دەرهەق بە بەشێک بۆرژوازیی ناوخۆیی و لۆکاڵی بەکاردەهێنرێت کە ئینتیمای بۆ هاوپەیمانی"[١٢] هەیە لەگەڵ ئیمپریالیزمدا. هەندێک لە نوسەران هەوڵدەدەن جیاوازی بخەنە نێوان ئەم دوو بەشەی بۆرژوازییەوە لە وڵاتانی دواکەوتوودا، ئەویش بە حوکمی پەیوەندییان بە هۆیەکانی بەرهەمهێنانەوە(دۆر و ویکس ١٩٧٧)؛ و هەروەها ڕۆڵی سیاسیی ئەم دوو بەشە لەم پەیوەندییەوە دەرکێشن.

بەپێی ئەم میتۆدە، بۆرژوازیی کۆمپرادۆر، وەک بەشێک لە چینی سەرمایەداری ناوخۆیی پێناسەدەکرێت کە سەرمایەکەی لە سووڕانەوە"[١٣]دایە(بازرگانی، بانکداری و هتد). ئەم بەشە لە بۆرژوازیی ناوخۆیی کە بەسنورداری دەرگیری سوڕانەوەی کاڵاکانە، بەدیاریکراوی هاوپەیمانی وڵاتە ئیمپریالیستەکان و بەتایبەتییش **سەرمایەی بازرگانییە**. لەلایەکی ترەوە، دەتوانین بۆرژوازیی نەتەوەیی وەک ئەو بۆرژوازییە ناوخۆییە پێناسەبکەین کە سەرمایەکەی لە پانتایی بەرهەمهێنان و سنورە نەتەوەییەکانی وڵاتدا دواکەوتووە. کێبڕکێ شتێکی زاتی و جەوهەرییە لە سەرمایەدارییدا و، کێبڕکێ لەنێوان سەرمایەی نەتەوەیی و ئیمپریالدا ئەو دەرفەتە دەڕەخسێنێت تا بۆرژوازیی نەتەوەیی بتوانێت ڕۆڵێکی دژەئیمپریالیستی بگێڕێت. بەهۆی گەشەی باڵاتری هێزە بەرهەمهێنەرەکانەوە لە وڵاتە ئیمپریالیستییەکاندا، سەرمایەی نەتەوەیی لە وڵاتە گەشەنەکردووەکاندا لە کێبڕکێ لەگەڵ سەرمایەی ئیمپریالدا هەڵسوڕاوی دەستی دۆخێکی نالەبارە. لەبنەڕەتدا ئەم مەسەلەیە دەتوانێت لە شەڕکردندا بۆ ڕزگاربوون لە هەیمەنەی ئیمپریالیزم، بۆرژوازیی نەتەوەیی بکاتە هاوپەیمانێک. سەرەڕای ئەمانەش، دەتوانێت ئەنجامێکی پێچەوانەی هەبێت. دۆخی نالەباری کێبڕکێ و ڕکابەری، دەتوانێت هەندێک بەشی چینی سەرمایەداری ناوخۆیی ناچاربکات کە هاوپەیمانی درووستبکات لەگەڵ سەرمایەی ئیمپریالدا وەکو ئامادەکارەکان"[١٤]، یان ئەو دامەزراوانەی کە پاشکۆی کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکانن"[١٥]. سەبارەت بەوەش کە ئاخۆ بۆرژوازیی نەتەوەیی لەپراکتیکدا و لە هەموو کاتێکدا "ناسیۆنالیست"ە یان نا، پەیوەندیی بە بارودۆخێکی دیاریکراوەوە هەیە کە لە فۆرمەلەبەندییەکی کۆمەڵایەتیی تایبەتدا باڵادەستە.

ئەو توانست"[١٦] و ئیمکانەی کە بۆرژوازی لە هاوپەیمانێتیی دژەئیمپریالیستیدا بەشداری بکات، تەنیا لە بەرژەوەندییە سنوردارە ئابورییەکانەوە سەرچاوەناگرێت. ئیمپریالیزم مەیلی بەو لایەدا هەیە کە ستەم لە هەموو چینەکان بکات لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا، نەک هەر لە پانتایی

[11] . comprador bourgeoisie
[12] . ally
[13] . circulation
[14] . suppliers
[15] . MULTINATIONAL
[16]. possibility

ئابوورییدا بەڵکو لە لایەنەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییشەوە. هەر ئەم ستەمەشە ئەو توانستە دەڕەخسێنێت تا بۆرژوازیی نەتەوەیی بتوانێت ڕۆڵێکی پێشکەوتوانە لە بڕگە و قۆناغە مێژووییە دیاریکراوەکاندا بگێڕێت و بتوانێت لەگەڵ پرۆلیتاریادا بچێتە هاوپەیمانێتییەکی کاتییەوە، یاخود هەوڵبدات پشتیوانیی چینی کرێکار لە دژی ئیمپریالیزم فەراهەمبکات.

بەڵام هەر جۆرە هاوپەیمانێتییەک لەنێوان پرۆلیتاریا و بۆرژوازیی نەتەوەییدا بەپێی سرووشت و ماهیەتی خۆی هاوپەیمانێتییەکی شلۆق و ناجێگیرە. بۆرژوازی لەڕێگەی چەوساندنەوەی چینی کرێکارەوە وجودی هەیە و سەرمایە بەرجەستەدەکات. وێڕای ئەمەش، بۆرژوازی لەمڕۆدا عادەتەن ئەو چینەیە کە لە وڵاتە گەشەنەکردووەکاندا جڵەوی دەوڵەتی بەدەستەوەیە، و بەم پێیەش چینێکە کە پێویستە پرۆلیتاریا سەرنگونیبکات. سەرباری ئەم دژیەکییە بنەڕەتییە، زۆرینەی تیۆریستان و سەرکردە شۆڕشگێڕەکان لەو بڕوایەدان کە دەبێت پرۆلیتاریا لە قۆناغە مێژووییە تایبەتەکاندا هاوپەیمانی ببەستێت لەگەڵ بۆرژوازیی نەتەوەییدا لە گەرمەی ململانێی شۆڕشگێڕانەدا، ئەویش بۆ دەسبەسەراگرتنی دەسەڵاتی دەوڵەت وگۆڕینی کۆمەڵگا. لینین(لە ساڵی١٩٢٠) نوسیی: بۆ پێشەنگبوونی پرۆلیتاریا شتێکی حەتمی و پێویستە کە "سود ببینێت لە "هەر جۆرە درزێک ، تەنانەت بچوکترین درز لەناو دوژمنان" یان بۆرژوازییدا و "هەر جۆرە دەرفەتێک، تەنانەت بچوکترین دەرفەت بۆ بۆ دەسگەیشتن بە هاوپەیمانییەکی جەماوەری، گەرچی ئەم هاوپەیمانێتییە کاتییە، لەرزۆک و گۆڕاو و نادڵنیاش بێت لەدەستنەدات". زۆربەی ڕێبەرە شۆڕشگێڕەکان، هەڵوێست و هەڵوێستەیەکی هاوشێوەی ئەمەیان هەڵبژاردووە. ستالین لە نوسینەکانی خۆیدا دەربارەی شۆڕشی چین(١٩٢٧-١٩٢٥)، هاوپەیمانی لەگەڵ بۆرژوازییدا پەسەند و پێشنیاردەکات، وەک بڵێی ئاگادارە کە دژی هەڵبژاردنی هەڵوێستەیەکی نزم و نەوی لەم هاوپەیمانییەدا لەلایەن هێزە پرۆلیتاری و جووتیارییەکانەوە هۆشداری بدات. لەبەر ئەوەی ماوتسی تۆنگ بەجدییەوە ئاوڕی لە ڕاسپاردەکەی ستالین دایەوە لەمەڕ هاوپەیمانی، هەموان ئەو بە پشتیوانی گشتیی هاوپەیمانی دەزانن لەگەڵ بۆرژوازییدا. وێڕای ئەمانەش، خوێندنەوەی وردی بەرهەمەکانی ماو ئەو خاڵە ڕووندەکاتەوە کە ئەو لەو بڕوایەدا نیە بەستنی هاوپەیمانی لەگەڵ بۆرژوازییدا ستراتیژێکی گشتی بێت بۆ شۆڕش کە گوایا پێویستە لە هەموو وڵاتە گەشەنەسندووەکاندا بگیرێتەبەر. بەپێچەوانەوە، ئەو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هەر جۆرە هاوپەیمانییەک بەرەنجامی [تەنگژە و] بڕگەیەکی تایبەتی مێژووییە، و هۆشداری لەمەڕ ئەو ڕێسا نەگۆڕانە دەدات کە بە شێوەیەکی ئیرادی و دڵخوازانە لە هەموو جێیەکدا بەکاردەهێنرێن(١٩٣٧). ماوتسیتۆنگ لە پشتگیریکردنیدا بۆ هاوپەیمانیبەستن لەگەڵ بۆرژوازیی نەتەوەییدا ئیحتیاتی خۆی وەرگرتبوو، و گەیشتە ئەو ئاکامەی کە "کاتێک ئیمپریالیزم دەستدەداتە جەنگێکی دەستدرێژیکارانە دژ بە وڵاتێکی نیمچەداگیرکراو، ئەوا هەموو چینە جۆراوجۆرەکان جگە لە هەندێک خائین، دەتوانن بۆ ماوەیەکی کاتی لە شەڕێکی نەتەوەییدا دژ بە ئیمپریالیزم یەکبگرن و ببنە هاوپەیمان...بەڵام کاتێک ئیمپریالیزم ستەمی خۆی نەک بەهۆی جەنگەوە بەڵکو بەهۆی ئامرازی نەرمەوە پیادەدەکات...ئەوا چینە فەرمانڕەواکان لە وڵاتانی

نیمچەداگیرکراودا خۆیان دەدەنە دەستی ئیمپریالیزمەوە و، هەردووکیان هاوپەیمانییەک پێکدێنن بۆ ستەم و سەرکوتکردنی هاوبەش بەسەر کۆمەڵانی خەڵکدا"(هەمان). هەمان مەسەلە بابەتی گفتوگۆیەکی دوورودرێژ بووە لە هندستان.

تۆم بۆتۆمۆر

وەرگێڕانی: نێگەتیف

سەرچاوەکان:

١) فرهنگنامه اندیشه مارکسیستی، ویراستەی تام باتامور، ترجمه اکبر معصوم بیگی...

2. The Dictionary of Marxist thought, ***Edited by*** **Tom Bottomore, SECOND EDITION…**